
فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد




مصطفی نریمان، "فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد"، چاپی ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا، 1986، 154 لاپەڕە، کوردی

کتێبێکی پڕ بایەخ و ڕێک و پێکە، تێیدا ناوی 717 نووسەر، شاعیر، و ئەدیبی کورد و بەرهەمەکانیان بە ساڵی چاپ و ژمارەی لاپەڕەوە ڕاگەیێنراوە و بەم پێیە، کتێبێکی سەرچاوەییە.

ناوەکان بە تەرتیبی ئەلفبا ڕێکخراون و لە ناویاندا هەندێکیان پەیوەند بە بۆکانەوە پەیدا دەکەن. لە ڕێگەی هەر ئەوانەوە دەزانین بۆ نموونە نەمر حوزنی موکریانی و گیوی موکریانی دووجار دیوانی میسباحیان چاپ کردووە، یا ئەندامێکی بنەماڵەی قزڵجی لە بەغدا دوو ریسالەی خۆی جاپ کردوون.

ئەوانەی خوارەوە ئەو بابەتانەن وا بۆکان یا خەڵکی بۆکان دەگرنەوە. من لەو کاتانەدا مامۆستا هەژار وەک بەشێک لە بۆکان چاو لێدەکەم، گەرچی دەزانم لە مەهاباد لە دایک بووە و لەوێش کۆچی دوایی کردوە هەمیشەش هەر خۆی بە خەڵکی مەهاباد زانیوە و دیارە منیش هەر بە مەهابادیی دەناسم. هۆی ئەو کارەشم ئەوەیە هەڕەتی لاوی و ژیانی سیاسی مامۆستا لە بۆکان تێپەڕ بووە و هەر لە بۆکانیشەوە

ڕووی لە گەرمێن کردووە. دوکتۆر ڕەحیمی سەیفی قازیش هەر مەهابادییە لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەی قازییەکانی مەهابادە، بەڵام بە حیسابی ژیان لە گوێگجەلی نێوان میاندواو و بۆکان واهەیە پێویست بێت لە سەرچاوە بۆکانیەکانیشدا ناوی ببرێت.

گرنگ ئەوەیە ئەو کەسایەتییانە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و لەبیر نەکرێن، دەنا چ گرنگ نییە کامیان لە کامە گوند ژیاون و ئەو گوندە چەند کیلۆمەتر لەم شار نزیکە و چەند لەوی دیکە دوورە. ئەم زنجیرە ووتارە جێگەی بەرچاوتەنگی و دەمارگیری نییە و من ئەو هەموو ماندووییە بۆ کارێکی چەپەڵی ئەوتۆ ناکەم کە ئاگری جیاوازی و تەفرەقە خۆش بکات. هەرچەشنە تێگەیشتنێکی لەو چەشنەش بە سەدان مایل لە بیر وباوەڕ و خواستی من دوورە. مێژووی بۆکان بۆ من، مێژووی بەشێک لە کوردستانە و تەنیا بەو چاوەوە سەیری بابەتەکان دەکەم، ناوهێنانی هەندێک جەمسەر لە نێوان بۆکان و شارەکانی دەوروبەریش بە واتای دەمارگیری و چەسپاندنی ناحەقی هەندێک کەس بە بۆکانەوە نییە. فەیزوڵڵابەگییەکان لە ناوچەی نێوان سەقز و بۆکان دەژین و نووسەرانی مێژووی هەردوو شارەکە مافی ئەوەیان هەیە ئاماژەیان پێبکەن ولێیان بدوێن. مامۆستا هەژار بە هەموو حیسابێک مەهابادییە، بەڵام لە نووسینی مێژووی سیاسی یا ئەدەبیی بۆکانیشدا دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت، لەبەر ئەوەی هەموو ماوەی تەمەنی لاویەتی لەبۆکان ژیاوە و وەک نوێنەری بۆکان لە یەکەم کۆبوونەوە یا کۆنگرەی حزبی دیموکراتدا لە مەهاباد بەشداریی کردوە، هەروەها لە دەرکردنی گۆڤاری هەڵاڵەدا هاوکاری نەمر حەسەنی قزڵجی بووە. من لەو ڕاستییانە دەدوێم دەنا نامەوێت هەژار بەزۆر بکەمە بۆکانی و هیچ شانازییەک لەوەدا نابینم کە مێژوو بەرئاوەژوو وخوێنەر چەواشە بکەم.

ئەوە بابەتەکانی سەبارەت بە بۆکان:

**42**. ئەحمەدی کۆر، موکریان (- 1856):

- *دیوانی ئەحمەدی کۆر، پاکستان 1963، 48 لاپەڕە* (ل. 13)

**52**. ئەدەب (عەبدوڵلابەگی مصباح الدیوان 1860- 1812):

- *دیوانی ئەدەب، ڕەواندز، زاری کرمانجی، 1936، 52 لاپەڕە*
- *دیوانی ئەدەب، هەولێر، کوردستان، 1966. 120 لاپەڕە*
- *مصباح الدیوان، بەغدا، 1939، 130 لاپەڕە* (ل. 15)

**78**. ئیبراهیم ئەفخەمی:

- *دیوانی ئەفخەمی، مەهاباد، 1971 - 192 لاپەڕە* (ل. 19)

**185**. حەسەن زیرەک:

- *چریکەی کوردستان، تاران، ڕەنگین، 1966، 50 لاپەڕە* (ل. 45)

**186**. حەسەن صەلاح (سۆران):

- *دیوانی سۆران، تەورێز، قامیش [دەبێ 'تابش' بێت]، 1966، 150 لاپەڕە*

- کتێبخانەی سۆران، لەندەن، ڕۆنیۆ، 1979، 450 لاپەڕە (ل. 45)

**189.** حەسەن قزڵجی ( 1913-1984):

- پەیمانی دوولایی (ج)، 1959، 38 لاپەڕە
- پێکەنینی گەدا، بنکەی پێشەوا، 1972، 149 لاپەڕە (ل. 46)

**242.** ڕەحیمی قازی:

- پێشمەرگە (ج)، بەغدا، وەفا، 1961، 160 لاپەڕە (ل. 54)

**378.** عبدالرحمن هەژار (عبدالرحمن مصطفی موکریان[ی] 1920 -):

- بۆکوردستان (د)، بەیروت، عیتانی، 1965، 200 لاپەڕە؛
- بەیتی سەرەمەڕ (د)، شام، 1957، 16 لاپەڕە؛
- خەیام، وەرگێران لە فارسییەوە، بەیڕوت، عیتانی، 1968، 102 لاپەڕە
- شەڕەفنامە، وەرگێران لە فارسییەوە، نەجەف، نەعمان، 1972. 1016 لاپەڕە؛
- هۆزی لەبیرکراوی گاوان، وەرگێراو لە عەرەبییەوە، بەغدا، کۆڕی زانیاری کورد، 1973، 108 لاپەڕە (لل. 80 و 81)

**409.** عبدالهادی ئەفخەمی زادە:

- مولودنامەی حضرت رسول الله، مهاباد،1950، 32 لاپەڕە (ل. 88)

**599.** محەممەد قزڵجی (سابڵاخ 1895 – بەغدا 1959):

- چل فەرموودەی پێغەمبەر، بەغدا، نەجاح، 1935، 44 لاپەڕە
- التعریف بمساجد السلیمانیە و مدارسهاالدینیە، بەغدا، 1938، 53 لاپەڕە (ل. 131)